# تارماییەکانی شیعری ئینگلیزی لە شیعری گۆران-دا




**ڕێبوار جەمیل**

**نامەرد موغەنی وەختی مەقاماتە نەسرەوی**

**توخوا قەتارێ خۆشە بە ئەدەبیاتی مەولەوی**

**یاخود بە سۆزی شۆرەوە بەندێکی مەسنەوی**

**(حەمدی)**

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەرگرتووە**

**نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە**

**(نالی)**

ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبیاتی کوردیدا کەمترین پانتایی داگیرکردووە، ڕەنگە ئەم حاڵەتەش بۆ ئەو لایەن هەژارییەی خودی ئەدەبیاتی ئێمە بگەڕێتەوە، چ ئەدەبی کلاسیکی، چ ئەدەبی مۆدێرن، هەر ئەمەشە وایکردووە بە داخەوە بڵێم چ نێوەندی ئەدەبی ئێمە چ ئۆرگانە ئەکادیمییەکانی بواری ئەدەبیمان کە من بۆخۆم بە یەکێك لە کادیرەکانی دەزانم، تا ئێستا نەمانتوانیووە بەرهەمێکی گرنگ و دەوڵەمەند لەم بوارەدە بەرهەم بێنین، گەر کەسێك توێژینەوەیەك بکات بە ناو کۆلیژی ئەدەبیات و زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا ڕەنگە کەمترین سەرچاوەو توێژینەوەی لەسەر ئەدەبیاتی بەراوردکار دەستکەوێت، ئەم حاڵەتە ڕەنگە وێنەیەکی

باشی بارودۆخی زانکۆکانی کوردستانمان لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیدا بۆ دەرخات..

بەڵام ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەوە، لە ئەدەبیاتی گەلانی دونیادا سەدان نموونەی لەو جۆرە لە کتێبخانەکانیاندا دەبینرێت، رەنگە نموونەی کاریگەریی شیعرەکانی (ئیلیۆت و شکسپیر و باتلەر یتس) لەسەر شاعیرانی حەفتاکانی سەدەی رابردووی شیعری عەرەبی نموونەیەکی زۆر دیارو نزیکبێت کە ئێمە ئاماژەی بۆ بکەین، بە تایبەتیش شیعری ئەو شاعیرە عەرەبانەی کە لە ئەوروپا و ئەمەریکا دەژیان و بە هۆی فێربوونی زمانی ئینگلیزییەوە ئەزموونێکی گەورەیان لە شیعری ئینگلیزی و ئەوروپی وەرگرت و لە شیعرەکانی خۆیاندا تەوزیفیانکردەوەو بەمەش ئەوان بوونە رچەشکێنی نوێکردنەوەی ریتمی شیعری عەرەبی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ئەدەبی عەرەبییدا، ئەم حاڵەتەش زۆر بەروونی لای (نازك ئەلمەلائیکە، بەدر شاکر سەیاب، عەبدولوەهاب بەیاتی، میخائیل نیعمە، جەبران خەلیل جەبران، ئەحمەد زەکی) چەندین شاعیری تریش دەرکەوت.

ئەم شاعیرانە و دەیان شاعیری تریش بەهۆی تێکەڵاوییان لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەوروپیدا گۆرانی زۆر بە ئەزموونی شیعرییاندا هات، (میخائیل نیعمە 1989-1889) لە چاوپێکەوتنێکیدا سەبارەت بە کاریگەرییەتی شیعری ئەوروپی لەسەر ئەزموونی شیعری خۆی دەڵێت: (پێش ئەوەی وڵات جێبهێڵم، هەر رۆژەو بە باڵێك دەفریم، هەر رۆژە و بە چاوێك دەمبینی، هەر رۆژە و بە زمانێك شیعرم دەنووسی، چونکە ئەزموونی ئەدەبیی من تەنها لەو شارە بچوکەدا بوو کە لێی دەژیام، بەڵام ئێستا ئەزموونی من ئەزموونی زمانێکی یەکجار بەرین و دەوڵەمەندە، کە ئەزموونی زمانی شکسپیر و جینییە و تۆنی باڵێ و ڤارا بۆکس)ەو بە زمانە دەوڵەمەند و بەرفراوانەکانی ئەوان دەخوێنمەوەو دەنووسم، نەك زمانە لاواز و هەژارەکەی خۆم کە عەرەبییە.)

بە هەمان شێوەش چەندین نموونەی لێکچوون هەیە لە نێوان شیعری ئەم شاعیرانە و شاعیرانی دیاری ئەوروپیدا بۆ نموونە (نازك ئەلمەلائیکە) لە یەکەم دیوانە شیعری کە بڵاویکردەوە لە ساڵی 1947دا بە ناوی (عاشقە الیل) تا ئێستاش لە ئەدەبیاتی بەراوردکاریی عەرەبیدا بەراورد دەکرێت بە کاریگەریی ئەم دیوانە شیعرەی نازك ئەلملائیکە بە شیعر و ئەزموونی شاعیرانی تری ئەوروپی، بۆ ئەم کاریگەرییەش ئاماژە بۆ شاعیرانی وەك (کیتس، بایرۆن، ئیلیەت) دەکرێت تا ئێستا دەیان کتێب و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە.

کرۆکی ئەم پێشەکییەم دەمەوێت بیکەمە زەمینەسازییەك بۆ قسەکردن لەسەر یەکێك لە کتێبە سەنگینەکانی ئەدەبی بەراوردکاریمان، کە بە ناوی (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی)یەوە نووسەرو توێژەر (عومەر مەعروف بەرزنجی) لە ساڵی 2006دا چاپیکردووە و پێشتریش پێم وابێت بەشێوەی وتار لە گۆڤارەکاندا بڵاویکردوونەتەوەو بەڵگەشم ئەو نووسینەی (د. عەبدوڵڵا دەباغ)ە، کە لە گۆڤاری رۆشنبیریی نوێ ژمارە 118ی ساڵی 1988 نووسیوویەتی و ئەم توێژینەوەیەی عومەر مەعروف بەرزنجیی بە فراوانترین و دەوڵەمەندترین توێژینەوە داوەتە قەڵەم کە تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەسەر کاریگەریی شیعری ئینگلیزی لەسەر شیعرەکانی گۆران کرابێت. د. عەبدوڵڵا دەباغ وای بۆ دەچێت کە عومەر بەرزنجی هێندە وردەکاریی لەم توێژینەوەیەدا کردووە دەرفەتی نەهێشتووەتەوە بۆ کەسانی تر بۆشایی لەم هەوڵە بگرن.

من پاش ئەم بۆچوونەی دەباغ دەمەوێت تیشکێکی خێرا بخەمە سەر ئەو کتێبە و هێما گرنگەکانی بخەمە روو، بە هیوای ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە چاوی خوێنەر و خوێندکارانی کۆلێژەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لەسەر ئەم کتێبە زیاتر بکات.

بە بڕوای من ئەوەی وایکردووە ئەم توێژینەوەیە هێندە بەرفراوان و دەوڵەمەند بێت شێواز و فۆرمی نووسینی توێژینەوەکەیە. نووسەر لەم کتێبەدا (گۆران ئەدەبی ئینگلیزی) جگە لە پێشەکییەکی سەرنجراکێش، گەشتێکی خێرا و وردو بەسەلیقەی هونەرییانەی بە مێژووی ئەدەبی بەراوردکارییدا کردووە، چ لە ئەدەبیاتی عەرەبی چ لە

ئەدەبیاتی تورکی، بۆ ئەم گەشتەشی نموونەی چەندین شاعیر و شیعری هێناوەتەوەو بەمەش توێژینەوەکەی زیاتر دەوڵەمەندکردووە. من لێرەدا بە ئاراستەی دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوە، دەڵێم بریا نووسەر سەیرێکی ئەدەبیاتی هاوچەرخ و کلاسیکی فارسیشی بکردایە، کە بە بڕوای من مەگەر ئەدەبی فەرەنسی هێندەی ئەدەبی فارسی کاریان لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری و بەراوردی شیعری فارسیی مۆدێرن و کلاسیکی خۆیان کردبێت، گەر نووسەر ئەمەی بکردایە باسەکەی خۆی دەوڵەمەندتر دەکرد. ئەوەندەی من تێگەیشتبم نووسەر نەیویستووە درێژدادری لە توێژینەوەکەیدا بکات و ویستوویەتی بە کەمترین دێڕ، زۆرترین نموونەی ئەو بەراوردکارییەمان پێشکەشبکات.

هەمیشە کاریگەرییەکانی ئەدەبی ئینگلیزی بە پێی بۆچوونی ئەم توێژینەوەیە (گۆران)یان لە قۆناغێکەوە بردووەتە قۆناغێکی گەورەترەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەم کتێبەدا چەندین نموونە شیعری (گۆران)ی شاعیر بەراورد کراوە بە شیعری شاعیرە ناودارەکانی ئەدەبی ئینگلیزی، دیارترین ئەو بەراوردکردنەش بۆ نموونە لە بەراوردی شیعری (گوڵی لاولاو)ی (گۆران )و شیعری (گوڵە نێرگزەکان)ی (ڕۆبەرت هێریك) شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزییە. پێش بەراوردکردنی هەردوو شیعرەکە توێژەر لەسەر ناوەڕۆك و مەودای هەر دوو شیعرەکە هەڵوێستە دەکات و ئاماژەی (گوڵ) لە هەردوو شیعرەکەدا دەخاتە ڕوو. ئەو پێی وایە پەیوەندیی نێوان (گوڵ و سروشت) پەیوەندییەکی قوڵ و فیزیکییە، چونکە گوڵ یەکێکە لە ڕەگەزە نەخشاوەو جوانەکانی سروشت و ڕەگەزێکی دیاری هەموو میللەتانی دونیایە، بۆیە شتێکی ئاساییە گەر ئەم کاریگەرییە لە شیعری دوو شاعیری کورد و ئینگلیزدا بەدەرکەوێت، هەر بۆیە جوانی و سەرنجراکێشیی ئەم بەراوردکارییە تەنها لەوەدا نییە دوو شیعرەکە بۆ خوێنەر بخاتە ڕوو، بەڵکو شیکارێکی هەمەلایەنەی شفرە و مانا و دەلالەتەکانی هەردوو شیعرەکە دەکات، بەمەش خوێنەر هەر کاتێك چاوی بە دیوانی گۆراندا گێڕا و چاوی بە شیعری (گوڵی لاولاو) کەوت، دڵنیام گەر ئەم بەراوردکارییەی پێشتر خوێندبێتەوە، ئەوا بە چاوێکی کراوەترو فراوانترەوە لەم شیعرە دەڕوانێت، لەم شیعرەدا گۆران دەڵێت:

بە کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگا و ڕەنگ
لە بەر چی سیس ئەبی وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت
هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ
ئەژاکێی توخوا ئەی گوڵ، سەبری دەستم بە دامانت

سەبر تووبی خوا تاوێکی تر ڕاوەستە تا عومرم
وەکو ڕۆژی چلەی زستان، لە هەوری مەینەت ئاوابێ
منیش هاوڕێی سەفەرتم، ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم
منیش خلیقەت وەکو تۆ، وانەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ

(ڕۆبەرت هێریك)یش لە شیعری (گوڵە نێرگزەکان)دا دەڵێت:

گوڵە نێرگزە جوانەکان، ئەگرین کە دەبینن
ئێوە وا زوو بەسەر دەچن
کە هێشتا ڕۆژی تازە هەڵهاتوو
نەگەیشتووەتە نیوەڕۆ

بمێننەوە، بمێننەوە
تاكو رۆژی بە پەلە ئاوا دەبێ و
كاتی نوێژی ئێوارە دێ
دوای ئەوە پێكەوە نوێژ دەكەین
ئێمەش لەگەڵتانا دێین

خوێنەر كاتێك، سەیری ئەم دوو شیعرەی (گۆران) و (رۆبەرت هێریك) دەكات، گەر باكگراوندێكی لەسەر ئەدەبیاتی بەراوردكاری نەبێت، ئەم شێوازە ناو دەبات بە ئەدەبی دزیكاری نەك بەراوردكاری، هەروەك نووسەری ئەڵمانی (فرانك پارتمان) پێی وایە لە نێوان بەكارهێنانی زاراوەی بەراوردكاری و دزیی ئەدەبی موویەكی باریك هەیە و زۆرجاریش ئەو مووە دەقرتێت، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش بەهۆی كاریگەریی هەست و بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان مرۆڤایەتی بە دەر لە زمان و رەگەز و جوگرافیا و شوێن، هەمیشە ئەو كاریگەرییە هەستێكی فیزیكییەو لە زۆر لایەنی بەدەر لە ئەدەبیاتیشدا دەردەكەوێت. بەڵام لە نێوەندی ئەكادیمیشدا ئەدەبی بەراوردكاری ئەدەبێكی كاریگەر و قورسە لە ئەدەبیاتی میللەتاندا و ناكرێت فەرامۆشیبكەین، بە تایبەتیش دوای خوێندنەوەی ئەم كتێبە سەنگینە(گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) هێندەی تر بایەخ و گرنگیی بەراوردكاریمان لە دونیای ئەدەبیاتدا بۆ دەردەكەوێت.

لە نموونەیەكی تردا و لە بەراوردێكی تری شیعری (گیان)ی (گۆران)و شیعری (ژیان) ی (بار باوڵد)ی ژنە شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی، ئەم كتێبە ئاشنامان دەكات بە لێكچوون و نزیكیی تەكنیك و مانا و شێوازی نووسینی نێوان دوو شاعیری كورد و ئینگلیز، دوو ژینگەی جیاواز، دوو جیهانبینیی جیاواز، بەڵام یەك روانگە بۆ ژیان و یەك روانگە بۆ گوزارشتكردن لە ماناكانی شیعر.

گۆران لە شیعری (گیان)دا دەڵێت:

نازانم تۆ چیت ئەی گیان
یاری نازداری ژیان
هێزی لەش جووڵاندنم
هۆی گەرم و سارد چەشتنم
تینی دڵەی پڕجۆشم
بزوێنی بیرو هۆشم
هاوڕێی هەمیشەیی عومرم
لەوساوەبووم تا ئەمرم
نازانم تۆ چیت؟ من چیم؟
تۆ من نیت؟ یا من تۆ نیم؟
تۆ دنیامی؟ یا دنیام.....

(تا كۆتایی دێرەكانی شیعرەكە)

بار باوڵدیش لە شیعری (ژیان) دا دەڵێت:



**عومەر مارف بەرزنجی**

ژیان نازانم تۆ چیت!
بەڵام هێندە دەزانم کە من و تۆ دەبێ لە یەکتر جیاببینەوە
ئینجا...کەی؟ لە کوێ؟ بەیەك دەگەینەوە؟
ئەمانە هەموی لای من شاراوەن.
ژیان.... سەردەمێکی درێژمان بێ دابڕان بردە سەر
لە خۆشی و لە گەردەلوولی ناخۆشیدا
خۆشت دەزانی کە لێکدابڕانی هاوڕێیانی خۆشەویست
چەند ستەمە، بێ هەناسە هەڵکێشان، یان بە بێ فرمێسکڕشتن نابێ‌و
بۆیە خۆتم لێ بشارەوە، زوو ئاگادارم مەکە، خۆت
سەربەست بە لە کاتی هەڵبژاردندا

هەردوو شیعرەکەی (گۆران و بارباوڵد) بابەتێکی ڕۆمانسیانەیە، بابەتێکی یەئس و نیگەرانییە، بابەتی پرسیارە لە کەینونەکانی ژیان و بوون و عەدەمیەت، هەستی هیومانیزمی و پرسیار لە ماهیەتی مرۆڤ دەخولقێنێت، پرسیارە لەو چەمکانەی کە لە سەرەتای بوون و هاتنە ناوەوەی مرۆڤایەتی بۆ ئەم گەردوونە ئەم پرسیارانە بێ وەڵام و پرسیاری پڕ گومانن، گەرچی هەردوو شاعیر یەك پرسیار دەکەن لە بوون، بەڵام گۆران بە ناوی (گیان) ەوە ئەو پرسیارە دەکات و بار باوڵدیش بە ناوی (ژیان)ەوە، بەڵام هەردووکیان کۆمەڵە پرسیارێکی گوماناوی پڕ تەلیسمن لە بوونی مرۆڤ لەم هەسارەیەدا و لە ناو نەهامەتییەکانی ژیاندا.

جگە لەم بەراوردکارییانەی کە ئێمە لەم ڕانانەدا خستمانەڕوو، لەم کتێبەدا چەند بەراوردکارییەکی تریشی لە خۆگرتووە کە شیعری گۆران بە شیعری شاعیرانی تری ئینگلیز بەراوردکردووە، کە ڕەنگە لەم نمایشە خێرایەی ئەم کتێبەدا دەرفەتی ئەوە نەبێت سەرجەم شیعرەکانی گۆران و ئەو شاعیرە ئینگلیزانەی تر لێیان بدوێین کە عومەر مارف بەرزنجی لەم کتێبە دا خستوویەتییە ڕوو، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتی ترو لە شوێن و کاتی تردا نووسەران و ئەدیبانی تری کورد لە بایەخی کتێبی ( گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) دەرخەن، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە لە کتێبخانەی کوردیدا تیشکی زیاتری خوێنەری بەرکەوێت.